ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٩.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە بینین ١- ٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : یۆحەنا ١٦: ٨ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

ڕێبەری هەشتەم - وانەی ٤٣

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) بینینی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (بینین ١- ٣) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١٦: ٨

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ : یۆحەنا ١٦: ٨ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) نەخۆشی و چاکبوونەوە (شیفا)

پێشەکی : ئەم فێرکردنە تایبەتە بە نەخۆشی و چاککردنەوە . تیایدا ئەو هۆکارانە ئاشکرا دەکەین کە مرۆڤ توشی نەخۆشی دەکەن ، وە دەڕوانینە کتێبی پیرۆز سەبارەت بە چاکبونەوە . وە ئامرازەکانی دەستکەوتنی چاکبوونەوە ، وە بەتایبەتی دەڕوانینە ڕۆڵی باوەڕ بۆ چاکبوونەوە .

أ. تێڕوانینی کتێبی سەبارەت بە نەخۆشی و چاکبوونەوە

١. سەرچاوەی هەموو نەخۆشیەکان .

أ. هۆکاری سەرەکی نەخۆشی .

پەیدابوون ٣: ١- ١٩ ؛ ڕۆما ٥: ١٢- ١٩ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هۆکاری سەرەکی هەموو نەخۆشیەکان و مردن لە جیهانی ئەمڕۆدا چی یە ؟

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات کە هۆکاری سەرەکی هەموو نەخۆشیەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا . نەخۆشی جۆرێکە لە گەڕانەوەو لاوازی و ڕوخانی جەستەیی مرۆڤ ، ئەمەش باری ڕووخانی عەقڵی و ویست و سۆزدای لەخۆ دەگرێت . وە مردن تۆوی ئەم بارەیە لە گەڕانەوەو ڕووخان .

پەیدابوون ٣ دەخوێنینەوە لەبارەی کەوتنی مۆرڤ لە گوناهەدا دوای ئەوەی شەیتان توانی هانی مرۆڤ بدات لە گوناهـ کردن . ئیدی خودا سزای گوناهەی مرۆڤی دا بە نەفرەتکردنی شەیتان و ڕاگەیاندنی دوژمنایەتی بەردەوامی لەگەڵ مرۆڤ . وە سزای ژنی دا بە زیاتر کردنی ئازاری سکپڕی و منداڵ بوونی ، وە پیاوەکەی زاڵ بکات بەسەریدا پەیدابوون ٣: ١٦ . ئیدی ژن وپیاو دەمرن ودەگەڕینەوە بۆ خۆڵ ، هەروەها بڕوانە ١ تیمۆساوس ٢: ١٤ ؛ ڕۆما ٨: ٢١- ٢٢ ؛ ڕۆما ٥: ١٢ ؛ پەیدابوون ٣: ١٩ . کە مردنی جەستەیی کۆتایی و ئەوپەڕی لاوازی و ڕوخانی جەستەییە ئەویش بەهۆی گوناهەوە توشی بوو .

ب. چەندین هۆکاری جیاواز بۆ نەخۆشی .

چەند بەشێکی کتێبی بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هۆکارە بنیراوەکانی ئەمڕۆ کامانەن بۆ نەخۆشی لە جیهاندا ؟

تێبینیەکان . * دەشێ مرۆڤ توشی نەخۆشیە بەکتریاییەکان بێت (مەرقۆس ١: ٤٠) ، یان بۆماوەیی کەموکوڕیەکی جەستەیی تێدا بێت لەکاتی لەدایکبونیەوە (ئەیوب ١٤: ٤- ٦ ؛ یۆحەنا ٩: ١- ٣) بەهۆی کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا (ڕۆما ٥: ١٢) . * دەشێ مرۆڤ بەدەست نەخۆشیەك یان کەموکوڕیەکی جەستەییەوە بناڵێنێ بەهۆی گوناهەی

کەسێتیەوە (مەرقۆس ٢: ٥) . * دەشێ مرۆڤ توشی نەخۆشی بێت بەهۆی کەموکوڕیەك یان کاریگەری شەیتان لەسەری (مەرقۆس ٥: ١٥ ؛ ٩: ١٧- ١٨ ، ٢١- ٢٢) . * دەشێ مرۆڤ توشی نەخۆشی بێت بەهۆی کەموکوڕی یان هەڵەی دکتۆرێك یان جادوگەرەکانەوە (مەرقۆس ٥: ٢٦). * دەشێ مرۆڤ بەدەست نەخۆشیەوە بنالێنێ بەهۆی کەموکوڕی یان شێوازێکی ناتەندروست لە ژیاندا (دانیال ١: ٨، ١٥- ١٦). * دەشێ مرۆڤ توشی نەخۆشی بێت یان کەموکوڕی جەستەیی بێت بەهۆی حوکمدانی خوداوە (حەزقێیل ١٤: ٢١) .

٢. سەرچاوەی هەموو چاکبوونەوەیەك .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : شتی باش لە کوێوە دێت ، بەتایبەتی چاکبوونەوە ؟

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات بە ڕوونی کە هەموو چاکبوونەیەوەیەك لە خوداوەیە !

أ. هەموو دیاریەکی باش وچاك لە خوداوە دێت . یاقوب ١: ١٧ وەکو پەرجوەکان و بەهرەی چاککردنەوەو بەرەکەتی گشتی و چاودێری خودایی و کارە تایبەتەکان وناوازەکان و خۆر و باران وخواردن و خۆشی هەمووی لە خوداوە دێت (کردار ١٤: ١٧) تەنانەت هونەرو دەست ڕەنگینی لە خوداوەیە (دەرچوون ٣١: ١- ١١) ئەو بەرەکەتانەش ڕۆحین (ئەفەسۆس ١: ٣) هەموو ئەو دەرفەتانەی دەڕەخسێن بۆ باشترکردنی ژیان لە خوداوەیە ، مەتا ٢٥: ١٤- ١٥ ؛ ١کۆرنسۆس ٤: ٧ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١٧- ١٨ ، ئاقوب پێداگری دەکات لەوەی دەبێت لە کاتی ناڕەحەتی و ناخۆشیەکاندا نوێژ بکەین ، لۆقا ١٨: ١؛ ئەفەسۆس ٦: ١٨ ؛ یاقوب ٥: ١٣ . چونکە کاتێ باوەڕداران ئەمە دەکەن دەیسەلمێنن کە ئەوان خودایان کردوە بە سەروەرو دەسەڵاتدار بەسەر هەموو زەوی و هەموواندا .

ب. هەموو چاکبوونەوەیەك بەکاری خودا تەواو دەبێت .

یەرمیا ١٧: ٤ " ئەی یەزدان، چاکم بکەرەوە، چاك دەبمەوە، ڕزگارم بکە، ڕزگار دەبم، چونکە ستایشی من هەر بۆ تۆیە ." وە هۆشەع ١١: ٣ " من بووم ئەفرایمم فێری ڕۆیشتن کرد،دەستم بە باڵیانەوە گرت، بەڵام نەیانزانی من چاکم کردنەوە ."

هەندێ جار خودا بە دەسەڵات وسەروەری خۆی چاکبوونەوەی کەسێك ڕادەگەیەنێ (ئیشایا ٣٨: ١) هەروەها دەتوانێ بەدەسەڵاتی خۆی مردن پێش یان دوا بخات (ئیشایا ٣٨: ٢- ٦) هەروەها دەتوانێ چاکبوونەوەی کەسێك خێرا بکات وە هەروەها چاکبوونەوەی دەستبەجێ (٢ساموئیل ٥: ١٤) ئەوەی جیهان بە چاکبونەوەی سروشتی دەزانێ گەر بڕوانینە کتێبی پیرۆز سەرجەم چاکبوونەوەکان بناغەکەی لە چاککردنەوەی خوداییەوەیە (عیبرانیەکان ١: ٣) !

٣. چاکبوونەوەی کاتیی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ماوەی کاتیی یان بەردەوامی چاکبوونەوە چەندە ؟

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هەموو چاکبوونەوەیەك ئەوەی پێش هاتنەوەی دووەمی مەسیح دەکەون چاکبوونەوەیەکی کاتییە .

أ. پێش مردن هیچ چاکبوونەوەیەك نییە تەنها کاتیی نەبێت . ئیشایا ٥٤: ٤- ٥ ؛ ڕۆما ٦: ٢٣ ؛ عیبرانیەکان ٩: ٢٧ . بخوێنەوە هەروەها بەراوردی بکە بە ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٠ .

ب. لە هاتنەوەی دووەمدا چاکبوونەوەی هەمیشەیی دەبێت . کردار ٣: ٢١ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٢- ٢٣ ؛ فیلیپی ٣: ٢٠- ٢١ ؛ بینین ٢١: ٣- ٥ .

٤. نهێنی چاکبوونەوە . دواوتار ٢٩: ٢٩ ؛ لۆقا ٢٢: ٤٢ ؛ ئەفەسۆس ١: ١١ ؛ فیلیپی ٤: ٦- ٧ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١٦ بخوێنەوە .

بزانە .

أ. دوو شێوازی نا کتێبی بۆ چاککردنەوە .

چەندین شێوازی چاککردنەوە هەیە بەڵام هیچ کامیان گەردونی وگشتی نین . بۆیە نابێت شێوازێك یان ئەزمونێك گشتگیر بکرێت بۆ هەموو جیهان ، وەکو نمونە لەمبارەیەوە کە چەند شێوازێکی ناکتێبی هەن ئەمانەن : هەندێ باوەڕدار پێیان وایە هەموو نەخۆشیەك دەرئەنجامی کاریگەری شەیتانەو پێویستە مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیەکەدا بەو شێوەیە بێت شەیتان وڕۆحە بەدکارەکان دەربکرێت لە نەخۆشەکەدا ، ئەم بۆچوونەش هەڵەیە سەبارەت بە سەرچاوەی نەخۆشی و هۆکاری نەخۆشی . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات بە ڕوونی کە تەنها چەند باریکی نەخۆشی هەن لە ئەنجامی کاریگەری و کاری شەیتانەوەن .

هەندێک باوەڕداری دیکە هەن چاکبوونەوە ڕادەگەیەنن ، بەشێوەیەك کەسی نەخۆش ڕازی بێت بەوەی چاکبۆتەوە دوای ئەوەی خەڵکەکە نوێژی بۆ دەکەن ئەگەر چێ هەست بە چاکبوونەوەش نەکات و دڵنیا نەبێت بە تەواوەتی ! ئەوانە پێیان وایە دەبێت بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن وەك ئەوەی چاک بووبنەوە . ئەمەش تێڕوانینێکی هەڵەیە بۆ باوەڕ ، وە ئەم هەڵسوکەوتە گومان دروست دەکات بەڵکو جاری وا هەیە یاخی بوون لە خودا بەرهەم دەهێنێت .

هەردوو جۆرو شیوازەکە نا کتێبین لە بری خزمەتی چاکبوونەوە لە کڵێسادا بکرێت خزمەتی بریندار کردنی هەستی خەڵکی ئەنجام دەدەن و خزمەتی ئیدانە کردن ئەنجام دەدەن .

ب. خواستی سەروەرانەی خودا لە چاکبوونەوەیەکدا ڕانەگەیەنرێت .

کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات کە هەموو چاکبوونەوەیەك بەشێك لە نهێنی وشاراوەی تێدایە ، چونکە پشت بە خواستی سەروەرانەی خودا دەبەستێت بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو (دواوتار ٢٩: ٢٩) . بەرواردی بکە بە لۆقا ٢٢: ٤٢ !

٥. بە بەرنامە مامەڵەکردن لەگەڵ چاکبوونەوەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بەرنامەیە کامەیە دەبێت باوەڕداران بەکاری بهێنن بەرامبەر بە نوێژ لە پێناوی چاکبوونەوەدا ؟

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕداران بە متمانەو باوەڕەوە بێن بۆ لای خوداو نوێژ بکەن لە پێناوی هەر شتێکدا لە نێویاندا چاکبوونەوە :

أ. تەنها لە ڕێگەی نێوەندگیر عیسای مەسیح نوێژ بکە بۆ چاکبوونەوە . ئیشایا ٥٣: ٥ ؛ یۆحەنا ١٦: ٢٤ بخوێنەوە . باوەڕداران چاکبوونەوە تەنها بەناوی عیسای مەسیحەوە وەردەگرن چونکە مەسیح لەسەر خاچ مرد لەپێناوی گوناهەکانیان و کەفارەتی گوناهەکانیان ، بۆیە کتێبی پیرۆز فرمکان دەکات کە بەناوی عیسای مەسیحەوە نوێژ بکەین واتە ئەو نوێژە ڕێکەوتنە لەگەڵ هەموو ئەوەی مەسیح فەرموی و ڕایگەیاند لەبارەی خۆیەوە .

ب . بە متمانەوە نوێژ بکە لە پێناوی چاکبوونەوە . فیلیپی ٤: ٦- ٧ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١٦ بخوێنەوە هەروەها لۆقا ٢٢: ٤٢ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١٤ ؛ ڕۆما ٨: ٢٨ ، ٣٨- ٣٩ . !

ب. هۆکاری ئەوەی هەندێ کەس چاکبوونەوە وەرناگرن

پێشەکی : چەندین هۆکار هەیە بۆ ئەوەی هەندێ کەس چاکبوونەوە وەرنەگرن !

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو چەند هۆکارە کامانەن کە ڕێگرن لە چاکبوونەوەی خەڵک ؟

١. گوناهەی کەسێتی . پەیدابوون ١٢: ١٧ ؛ ٢٠: ١٧- ١٨ ؛ زەبور ٣٢: ١- ٥ ؛ یۆحەنا ٥: ١٤ .

٢. شێوازی ناتەندروستی ژیان . مەتا ٦: ٢٧ ؛ ١پەترۆس ٤: ٣ ؛ دانیال ١: ١٢- ١٦ . کەمتەرخەمی و گوێنەدان بە هاوسەنگی و تەندروستی ژیان دەبێتە هۆی چاکنەبوونەوەی خەڵکی .

٣. پەیوەندیە گلّاوەکان . عیبرانیەکان ١٢: ١٥ .

٤. چارەسەر نەکردنی ڕەگی کێشەکان ، کۆلۆسی ١: ٢٤ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٣ . بڕوانە جیاکاری کێشەکان لە ڕێبەری ڕینماییەکانی ٨ وانەی ٣٩ خالّی (د) .

٥. دەستنیشانکردنی هەڵە .

ڕەنگە دەستنیشانکردنی هەڵە لە پشت چاکنەبوونەوەی هەندێك لە خەڵکی بێت ، وە باوەڕدارانیش دەشی هەڵە بن لە دەستنیشانکردن بەم سێ شێوازە:
* کاتێ باوەڕداران پێیان وایە چاکبوونەوەی ناخ یان ئازاد بوون لە ڕۆحە بەدکارەکان پێویستیە ڕاستەقینەکەیە، بەڵام لە ڕاستیدا چاکبوونەوەی جەستەیی پێویستیە سەرەکیەکە بێت . * یان کاتێ نوێژ دەکەن لە پێناوی ئازاد بوون لە ڕۆحە بەدکارەکان یان چارەسەری نەخۆشی کەسێك دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا پێویستیە سەرەکیەکەی کەسەکە چاکبوونەوەی ناخ بێت .
* یان کاتێ پێیان وایە چاکبوونەوەی جەستەیی یان چاکبوونەوەی ناخ پێویستیە ڕاستەقینەکەیە بەڵام لە ڕاستیدا پێویستیە سەرەکیەکە ئازاد بوون بێت لە ڕۆحە بەدکارەکان .

٦. لاوازی باوەڕ . مەتا ١٧: ١٤- ٢٠ بخوێنەوە .

٧. گومان کردن لە دکتۆر و چارەسەرە پزیشکیەکان .

ڕەتکردنەوەی دکتۆرو چرەسەری پزیشکی ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ چاکنەبوونەوەی هەندێک کەس . دکتۆرەکان وچارەسەرە پزیشکیەکان ئامرازێکی ئاسایی چارەسەرن بۆ چاکبوونەوەی خەڵکی . بێگومان جادوگەران و فاڵگرەوەو دکتۆرە جادوبازەکان و کەڵەشاخگرتن و ئەستێرەناسان وچارەسەری هەڵە ڕەتدەکەینەوە .

٨. چاوەڕێ نەکردن وبێ ئارامی . ئەمەش دەبێتە هۆی چاکنەبوونەوە ، خودا نایەوێ هەمیشە دەستبەجێ چاککردنەوە ئەنجام بدات بۆیە ڕەنگە هەندێ کات چاکبوونەوەکە دەستبەجێ بێت بەڵام کاتێکی دیکە درێژخایەن و بە چەند قۆناغێك بێت .

٩. ئازارو ناڕەحەتی لە پێناوی عیسای مەسیح و شانشینیەکەی .

دەشێ ئازار لە پێناوی عیسای مەسیح و شانشینیەکەی هۆکارێك بێت بۆ چاکنەبوونەوەی هەندێ لە خەڵکی ، هەندێ جار خودا داوا لە باوەڕداران دەکات بەشداری ئازاری مەسیح بکەن ! بۆیە پۆڵس لە کۆلۆسی ١: ٢٤ دەڵێت : " ئێستا دڵشادم بە ئازارەکانم لە پێناوی ئێوەدا و پاشماوەی تەنگانەی مەسیح لە جەستەی خۆمدا تەواو دەکەم، لە پێناوی جەستەی ئەو، کە کڵێسایە ." هەروەها بڕوانە (١پەترۆس ٤: ١٣ ؛ کردار ١٣: ٥٠ ؛ ١٤: ٥، ٦ ، ١٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ٢٣- ٢٨؛ یۆحەنا ٩: ١- ٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ٧- ١٠ ؛ گەڵاتیە ٤: ١٣- ١٤ ؛ یان ئازاری ڕۆحی لۆقا ١٥: ١١- ٢٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ١- ٢ ؛ ٢ تیمۆساوس ٤: ١٠) .

١٠ . مەبەستێکی شکۆدارو سەروەرانە لەلای خودا . ٢ کۆرنسۆس ١٢: ٧- ١٠ ؛ گەڵاتیە ٤: ١٣- ١٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٠).

د. وەڵامدانەوەی خەڵکی بەرامبەر بە نەخۆشی

١. دان بنێ بە نەخۆشیدا و گوزارش بکە لە سۆزو ئازارەکانت .

یۆحەنا ١١: ٣٥ ؛ مەتا ٢٧: ٤٦ بخوێنەوە .

بیربکەوەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕداران چۆن خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ هەموو جۆرە هەستەکاندا کە هەیانە لەکاتی نەخۆشیدا ؟

تێبینیەکان .

مەتا ٢٧: ٤٦ بخوێنەوە ، زۆرجار نەخۆشیەکان ئازارو ناڕەحەتی زۆریان هەیە ئایا باوەڕدار دەبێت چی بکات ئایا نکۆڵی بکات لە ئازارەکانی یان دانی پێدا بنێ کە نەخۆشەو ئازاری هەیە ؟ ڕەنگە نکۆڵی کردن بەرەو

کێشەی زۆر زیاتری بەرێت بۆیە باشترە دانی پێدا بنێ و بە هیوای مەسیح و باوەڕی مەسیحەوە ڕوبەڕوی نەخۆشی ومردن بێتەوە .

٢. ژیانت تاقی بکەوە و دان بنێ بە گوناهەکەتدا . یاقوب ٥: ١٣- ١٥ .

بیربکەوەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەپێی نامەی یاقوب باوەڕدار دەبێت چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ نەخۆشیەکەیدا ؟

تێبینیەکان . دەبێت باوەڕدارەکە پیرەکانی کڵێسا بانگ بکات تاکو نوێژی لە پێناودا بکەن ، هەروەها دەتوانێ کەسی نەخۆش بە تەنها نەخۆشیەکەی بەهێمنی بەکار بهێنێ بۆ تاقیکردنەوەی ناخ ودانان بە گوناهەکەیدا لەلای خودا وە خوداش لێی خۆش دەبێت (١یۆحەنا ١: ٩) یاقوب ٥: ١٦ ناڵێت دان بنێ بە گوناهەدا بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەش کە هیچ پەیوەیدیەکیان بە گوناهەکەوە نیە بەڵکو دەڵێت تەنها دان بنێ بەگوناهەکانیدا بەرامبەر بەو کەسانەی گوناهەکەی بەرامبەری کردوە یان پەیوەندی بە گوناهەکەوە هەیە . دەبێ باوەڕداران بە ژیانیدا بچێتەوە بۆئەوەی نەخۆشیەکەی دەرئەنجامی هیچ گوناهەیەك نەبێت . بەڵکو دەرفەتێکیش بێت بۆ نەخۆشەکە بەژیانیدا بچێتەوە و بە ئامانجەکانیدا بچێتەوە تاکو سەرلەنوێ خۆی تەرخان بکات بۆ خودا . دەبێت نەخۆش ئەوە بزانێت کە چاکبوونەوەکەی هەمو لایەنەکانی ژیانی دەگرێتەوە و هەموو پەیوەندیەکانی بە خوداو ئەندامانی خێزانەکەی و دراوسێ و ئامانجەکانی و کارو چالاکیەکانی دەگرێتەوە تاکو زیاتر گەشە بکات و پێبگات لە ڕۆح دا.

د. جۆرەها چاککردنەوەی جیاواز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چاکبوونەوە جیاوازەکان کامانەن بە پێی کتێبی پیرۆز ؟ چەند بەشێکی کتێب بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

بەشێوەیەکی گشتی باوەڕداران دەتوانن جیاکاری بکەن لە نێوان پێنج چاککردنەوە لە کتێبی پیرۆزدا .

١. چاکبوونەوە لە گوناهەو ئەو بارە ڕووخاوەی بەهۆی گوناهەوە توشی بوە .

هۆشەع ١٤: ٤ ؛ یاقوب ٥: ١٦ .

أ. داننان بەگوناهەدا لە کتێبی پیرۆزدا .

*داننانی نهێنی کەسێتی لە نێوان گوناهبارەکە و خودا ، چونکە گوناهەی نهێنی هەیە تەنها کراوە بەرامبەر بە خوداو بەس (زەبور ٩٠: ٨) * داننان بەتەنها هەندێ گوناهە هەیە بەرامبەر بە کەسێکی دیکە کراوە یان چەندین کەس ، دەبێت دانی پێدا بنرێ لەگەڵ ئەوانەدا بە تەنها (مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ ؛ ١٨: ١٥) . * داننانی ئاشکرا چونکە هەندێ گوناهە هەیە دەکرێ بەرامبەر بە کۆمەڵێ یان سەرجەم کڵێسا بۆیە دەبێت بەشێوەی ئاشکراو رابگەیەنرێ و داننی پێدا بنرێ (بڕوانە ١ تیمۆساوس ٥: ٢٠) .

ب. دانن بەگوناهەدا بە ئامادەبوونی باوەڕدارێکی تر . یاقوب ٥: ١٦ ؛ ڕۆما ١٠: ٩- ١٠ ؛ لۆقا ١٧: ٣- ٤ ؛ ئاقوب ٥: ١٦ هەروەها بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٢ پاشکۆی ٣) .

ج. داننان بە گوناهەدا بەرامبەر بەو کەسەی خراپەت بەرامبەر کردوە. یاقوب ٥: ١٦ تێگەیشتینی تەواو لە یاقوب ٥: ١٦ ئەوەیە ئەو کەسەی خراپەت بەرامبەر کردوە پێویستت بەوەیە لێت خۆش بێت دانن بنێی بە گوناهەکەتدا بەرامبەری .

٢. چاکبوونەوە لە ناخی تێکشکاو ، زەبور ١٤٧: ٣؛ پەندەکان ١٢: ١٨ ؛ ١٥: ٣٠ .

٣. چاکبوونەوە لە نەخۆشی جەستەیی .

مەتا ٤: ٢٣ ؛ فیلیپی ٣: ٢٠- ٢١ .

٤. چاکبوونەوە لە فشارو کۆیلایەتی ڕۆحە خراپەکارەکان .

مەتا ١٧: ١٤- ١٨ ؛ کردار ١٠: ٣٨ ؛ مەتا ١٧: ٢١ .

٥. چاککردنەوەی زەوی . ٢ پوختەی مێژوو ٧: ١٤ .

هـ . ئامرازەکانی چاککردنەوە .

١. خودا ئامرازی جیاواز بەکاردەهێنێ بۆ چاککردنەوە .

بزانە .

أ. چاکبوونەوەی سروشتی ناخ . (هەندێ نەخۆشی هەیە بە هۆی بەکتریا یان بریندار بوون خۆی چاک دەبێتەوەو برینەکەی ساڕێژ دەبێت ئەگەر چی کاتی بوێت ، خودا بۆخۆی ئەو چاکبوونەوە سروشتیەی داوە بە جەستەی مرۆڤ (عیبرانیەکان ١: ٣) .

ب. دکتۆرەکان و چارەسەری پزیشکی وەك ئامرازێك بۆ چاکبوونەوە .

هەندێ لە تواندڕەوەکانی بزوتنەوەی چاککبوونەوە بە باوەڕ دەڵێن ئەوانەی نوێژیان بۆ کراوە بۆ چاکبوونەوە دەبێت ڕایبگەیەنن کە چاکبوونەوەیان وەرگرتوە وەکو نیشانەیەك بۆ چاکبونەوەکەیان وباوەڕیان وە دەبێت دارشەق فڕێ بدەن وچارسەرە پزیشکیەکان فڕێ بدەن .

بەپێی مەرقۆس ٦: ١٢- ١٣ و لۆقا ١٠: ٣٣- ٣٤ چەورکردنی نەخۆش بە زەیت چارەسەرێکی سەرەکی پزیشکی بوو لە ڕۆژگارەکانی سەردەمی عیسای مەسیح دا . وە لە کتێبی پیرۆزدا چارەسەرکردن بە دەرمان لە گەشەکردنی قۆناغی سەرەتاییدا بوو . قوتابیەکان نەخۆشەکانیان بە زەیت چەور دەکرد وچاکدەبوونەوە . وە سامیریە چاکەکارەکە برینی پیاوەکەی تیمار کرد کاتێ لەسەر زەوی کەوتبوو ، وە زەیت و شەرابی کرد بەسەر برینەکەیدا . ئەو کات زەیت بەکاردەهات بۆ برین وزامە دەرەکیەکان (ئیشایا ١: ٦) ، بەڵام شەراب بەکار دەهات بۆ پاککردنەوەی برین (١تیمۆساوس ٥: ٢٣) . دوایی پیاوەکەی سواری گوێ درێژێك کردو بردی بۆ شوێنێکی حەوانەوە بۆ چاودێری کردنی . مەسیح ستایشی ئەم سامیریەی کرد لەوەی کە کردی ، بێگومان پۆڵس زۆرێك لە باوەڕداران سودمەند بوون لە خزمەتە پزیشکیەکان و چارەسەرەکان کاتێ لۆقا پێشکەشی دەکردن ، هەر بۆیە پۆڵس لۆقای بە دکتۆری خۆشەویست ناو

دەبرد لە کۆلۆسی ٤: ١٤ . لەگەڵ ئەوەی پۆڵس هێزی چاککردنەوەی هەبوو بەڵام تڕۆفیمۆسی لە میلیتس بەجێ هێشت ، با وای دانێین بۆئەوەی کەمێك پشوو بدات ئەمەی کرد تاکو چارەسەر وەردەگرێ بەپێی ئەو سەردەمە یان چاکبوونەوەی سروشتی ناخ ئەو چارەسەرەی لەسەرەوە باسمان کرد کە بەشێوەی سروشتی بۆخۆی چاک دەبێتەوە (٢تیمۆساوس ٤: ٢٠).

چاکبوونەوە بە پەرجوو .

١کۆرنسۆس ١٢: ٢٨ . خودا بەهرەی ڕۆحی جیاوازی چاککردنەوەی بە هەندێ باوەڕدار داوە . ئەم توانایە چاککردنەوەی ڕۆح و جەستەی خەڵکی لەخۆ دەگرێ .

د. چاکبوونەوەی یەکجارەکی و تەواوەتی .

١کۆرنسۆس ١٥: ٥٠ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١ـ ٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٥٠ـ ٥٧ ؛ فیلیپی ٣: ٢٠ـ ٢١ ؛ بینین ٢١: ٤) .

٢. ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە وەك ئامرازێك بۆ چاککردنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو ماوانە کامانە بوون لە مێژووی ڕزگاری خوداییدا بەناوبانگ بوون بە تایبەتی لە ڕودانی پەرجوو تیایدا ؟

تێبینیەکان .

أ. دەرچوون .

دەرچوون ١٥: ٢٢- ٢٧ ؛ سەرژمێری ٢١: ٤- ٩.

ب. پێغەمبەران .

١ پاشایان ١٧: ١٧- ٢٤ ؛ ٢ پاشایان ٥: ١- ١٦ بخوێنەوە .

ج. عیسای مەسیح .

مەتا ٤: ٢٣- ٢٤ ؛ کردار ١٠: ٣٨ بخوێنەوە .

د. نێردراوان .

مەرقۆس ١٦: ٢٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٢ ؛ کردار ١٤: ٣ ؛ عیبرانیەکان ٢: ٣- ٤ بخوێنەوە .

هـ . خاڵی گۆڕانکاری لە مێژووی کڵێسای ئەمڕۆدا . ١کۆرنسۆس ١٢: ٢٨ ؛ ١٤: ١٢ بخوێنەوە .

تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ و تا ئێستا بەردەوام کاری پەرجوو ڕوودەدات ! لە هەموو شوێنێك بەڵام بەشێوەی تایبەت و کاتی تایبەت ڕوودەدات . بۆیە یاقوب ٥: ١٤ فێردەکات کە دەبێت هەمیشە خزمەتی نەخۆشەکان بکرێت لە هەموو کڵێسایەکدا لە ڕێگەی پیرەکانەوە ئەگەر چی بەهرەی چاککردنەوەیان هەبێت یان نا !

٣. نوێژی پیرەکان و چەورکردنی نەخۆش وەکو ئامرازێک و کەناڵێك بۆ چاککردنەوە .

یاقوب ٥: ١٣- ١٦ . مەرج نیە خزمەتکردنی چاککردنەوە تەنها لەلایەن ئەوانە بەڕێوە ببرێت کە بەهرەی چاککردەوەیان هەیە وەك لە ١کۆرنسۆس ١٢: ٣٠ دا هاتوە .

ب. چاککردنەوە بە زەیت نەێنیەکی کڵێسایی نییە .

فێرکردنێکی هەڵە دروست بوو سەبارەت بە یاقوب ٥: ١٣- ١٦ و بوە نەریتێك لەنێو کڵێساکان پێش بزوتنەوەی چاکسازی ساڵی ١٥١٧ . * لە سەدەی سێ یەمدا دوای مەسیح نەریتێك دەرکەوت دەبوو قەشەی ناوچەکە

زەیت بەکاربهێنێ بۆ چەوکردنی نەخۆش . * لەسەدەی دەیەم زیاتر پێداگری لەسەر کراو وای لێهات تەنها کاهین بۆی هەبوو ئەم کارە بکات . * لە سەدەی دوازدەیەم دەستەواژەی "چەورکردنی کۆتایی" دەرکەوت بۆ "چەورکردنی نەخۆش" وە " چەورکردنی ئەوانەی لەسەر مەرگدا بوون " ئیدی ئەم چەورکردنانە تەنها بۆ ئەوانە بوو کە لەسەرە مەرگ دا بوون . *لەسەدەی سیازدەیەم چەورکردنی نەخۆش بە یەکێك لە حەوت نهێنیەکە ڕاگەیەنرا . لە کۆبوونەوەی ترێنت ساڵی ١٥٤٥ ڕاگەیەنرا هەرکەسێ نکۆڵی بکات لە چەورکردنی پیرۆز بە ئەناسیما ناودەبرێ واتە نەفرەت لێکراو .

ڕوونە کە ئەم نەریتە ناکتێبیانە و بۆچوونە ناکتێبیانە هیچ پەیوەندیەکیان بە یاقوب ٥: ١٤- ١٥ هوە نیە . جونکە نامەی یاقوب باسی ئامادەکاری کەسێك ناکات بۆ مردن بەپێچەوانەوە ، باسی خزمەتی پیرەکان دەکات لە ڕێگەی نوێژەکانیان وچەورکردنی نەخۆش بە ئامانجی چاککردنەوەی و گەڕانەوەی بۆ تەندروستی و ژیان !

ج. ئەو کارو چالاکیانەی گرێدراون بە خزمەتی چاککردنەوەوە لە ڕیگەی پیرەکانەوە .

مەرقۆس ٦: ١٣ فەرمان ناکات بە چەورکردن بە زەیت بەڵام دڵنیایی دەدات لەوبارەیەوە . چونکە چەورکردن بە زەیت چارەسەرێکی پزیشکی سەرەکی بوو لە سەردەمی عیسادا ، وە وەکو چارەسەر بەکاردەهێنرا .

دەبێت سەرنج بدەین بەو ئاماژەیەی لێرەدا هەیە لەبارەی دەستی پیرەکان کەلەسەر نەخۆشەکە دادەنرێ ئەو دەست دانانە لەسەر نەخۆش هێمایەکە بۆ دەسەڵاتی عیسای مەسیح (مەرقۆس ٦: ٥) وە دەسەڵاتی نێردراوان (کردار ٢٨: ٨) .

٤. نوێژ بەباوەڕەوە دەرئەنجامەکەی .

أ. ئامانج لێرەدا هاندانی باوەڕیان دەرکەوتن و پیشاندانی باوەڕ نیە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئامانج لە بەڵێنەکانی تایبەت بە نوێژ کامەیە لە کتێبی پیرۆزدا ؟ چەند بەشێکی کتێبی پیرۆز بخوێنەوە .

یاقوب ٥: ١٥ ؛ مەرقۆس ١١: ٢٤ ؛ یۆحەنا ١٤: ١٣ ؛ مەتا ١٨: ١٩ ؛ زەبور ٥٦: ٨ .

باوەڕمان هەمیشە دڵنیایی نیە .

کتێبی پیرۆز نافەرموێ کاتێ دەتوانین نوێژ بکەین کە باوەڕێکی پڕ لە دڵنیاییمان هەبێت سەبارەت بەوەی داوای دەکەین چونکە دەبینین لە مەرقۆس ٩: ٢١- ٢٤ دەڵێ " باوەڕم هەیە، یارمەتی بێباوەڕیم بدە ."

باوەڕمان پێوەر نیە بۆ بەدەنگەوەهاتنی خودا لە نوێژەکانماندا .

ئەفەسۆس ٣: ٢٠ پۆڵس دەڵێ خودا تواناداره لەوەی زۆر زیاتر کاربکات لەو ڕێژەیەی ئێمە داوای دەکەین یان بیری لێ دەکەینەوە .

نابێت باوەڕیکەمان باوەڕێکی ڕووکەش بێت . یۆحەنا ٤: ٢٣- ٢٤ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ٩، ١١ .

باوەڕی ڕاستەقینە هەمیشە باوەڕی هەیەو متمانەی هەیە یان نەخۆشەو ئارام دەگرێت و چاوەڕێی خودا دەکات لەوەی بۆی دیاری کردوە . مەتا ١٨: ١٩؛ مەرقۆس ١١: ٢٢- ٢٤ ؛ یۆحەنا ١٤: ١٣؛ یاقوب ٥: ١٤ ؛ مەتا ٦: ٧- ١٠ .

ب. ئامانج لە بەڵێنەکان هاندانی باوەڕدارانە ئازابن و متمانەیان هەبێت لە نوێژەکانیاندا . مەرقۆس ١: ١٧ ؛ ٢: ٢٠- ٢٢ ؛ ٣: ٣٣- ٣٥ ؛ ٥: ٣٩ ؛ ٧: ٢٧ ؛ ٨: ١٥ ؛ ٩: ١٢- ١٣ ؛ ٩: ٤٣، ٤٥ ؛ ١٠: ٣٨- ٣٩ ؛ مەرقۆس ١١: ٢٢- ٢٤ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : لەژێر ڕوناکی زمانی هێمادار ئەوەی عیسا بەکاری هێنا چۆن دەبێت تێبگەین لە مەرقۆس ١١: ٢٢- ٢٤ ؟

زمانی هێمادار یان بە نموونە قسەکردن . ئیشایا ٤٠: ٤ ؛ زەکەریا ٤: ٧ مەرقۆس ١١: ٢٤ ،

باوەڕ چیە ؟

*باوەڕ پەنجەرەیەکی ڕۆحیە لەڕێگەیەوە خۆشەویستی خودا دێت و لەناخدا نیشتەجێ دەبێت . ڕۆما ٥: ١، ٥ ؛ یۆحەنا ١: ١٢- ١٣ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ١٠ . * وە باوەڕ ئامرازێك بوو بۆ بێتاوانکردنی ئیبراهیم پەیدابوون ١٥: ٦ وە ماگنێتێك بوو بۆ ڕاکێشان و دوورخستنەوەی موسا لە خۆشیەکانی میسر عیبرانیەکان ١١: ٢٤- ٢٧ وە ئەو هێزە بوو کە شوراکانی ئەریحای ڕوخاند (یەشوع ٦: ٢٠) . هەروەها بڕوانە ڕائۆس ١: ١٦ ؛ ١ساموئیل ١٧: ٤٥- ٤٧ ؛ ٢ پاشایان ١٩: ١٤- ٣٧ ؛ ئەیوب ١٩: ٢٣- ٢٧ .

باوەڕ پشتبەستنە بە خودا لە هەموو بارودۆخەکاندا (دواوتار ٣٣: ٢٧ ؛ زەبور ٣٧: ٥ ؛ عیبرانیەکان ١١: ١؛ ١یۆحەنا ٥: ٤) .

گواستنەوەی کێو .

مەتا ١١: ٢٩ ؛ لۆقا ١٠: ١٧ مەرقۆس ١١: ٢٤ ؛ یۆحەنا ١٤: ١٢ .

بڕوانە کردار ٣: ٦- ٩ ، ١٦ ؛ ٥: ١٢- ١٦ ؛ ٩: ٣٢- ٤٣ وە کردار ١٦: ١٦- ١٨ ؛ ١٩: ١١- ١٢ ؛ ٢٠: ٩- ١٢ ؛ کردار ١: ٨ .

نوێژی ڕاستەقینە . یۆحەنا ١٤: ١٣ مەتا ٧: ١١ مەتا ٧: ٧ ،هتا ٦: ٥ مەتا ٥: ٤٣- ٤٨ یۆحەنا ١٦: ٢٤ .

متمانە ، نەك ئینکاری و زۆرداری . یاقوب ٥: ١٥ مەتا ١٨: ١٩ یۆحەنا ١٤: ١٣ .

ج. جەوهەری باوەڕ لە نوێژدا ئاسودەیی و متمانەو خواستی سەروەرانەی خودایە . مەتا ٦: ٩- ١٠ ؛ لۆقا ٢٢: ٤٢ ؛ یاقوب ٤: ١٥ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : جەوهەری باوەڕ چی یە تایبەت بە نوێژ ؟

جەوهەری باوەڕ تایبەت بە نوێژ ئاسودەیی و متمانەو خواستی سەروەرانەی خودایە . ئەمەش لە فێرکردنەکانی خوداوەند لە نوێژی ئەی باوکمان لە ئاسمان دا هەیە کە پێمان دەفەرموێ بەو شێوەیە نوێژ بکەین . بڕوانە دواوتار ٢٩: ٢٩ هەروەها ڕۆما ٨: ٢٨ .

و. کەشی چاککردنەوە

پێشەکی : کاتێ باوەڕداران نوێژ دەکەن لە پێناوی چاککردنەوەی نەخۆش دەبێت لە کەشێکدا نوێژ بکەن کە باوەڕو خۆشەویستی تیایدا سەروەر بێت. پەیڕەوکردنی باوەڕو خۆشەویستی بەپرسیارێتی ئێمەیەو بەرپرسیارێتی خوداش ئەوەیە کاردەکات بە پێی خواست و دەسەڵات وسەروەری خۆی .

١. باوەڕو چاککردنەوە .

أ. باوەڕ ، باوەڕنیە بە خۆت یان بەو کەسەی نوێژی چاککردنەوەی لەپێناودا دەکەیت . بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٢: ٩ . بەڵکو باوەڕە بە خودا و هەروەها باوەڕیش لە خوداوەیەو دیاری خودایە .

ب. دەبێت باوەڕمان بە دانایی و هێزو دەسەڵات و خۆشەویستی خودا هەبێت بە تەواوەتی و بەردەوام . ڕۆما ٨: ٢٨ ؛ یەرمیا ٣٢: ١٧ .

ج. دەشی باوەڕ گەشە بکات . بڕوانە مەتا ١٧: ٢٠ .

د. نوح و ئیبراهیم توانیان باوەڕەکەیان پەیڕەو بکەن کاتێ خودا خواستی خۆی ڕاگەیاند بۆیان (عیبرانیەکان ١١: ٦- ٨) هەروەها بڕوانە زەکەریا ٤: ٧ ؛ زەبور ١٨: ٢٩ ؛ مەتا ١٩: ٢٦ ؛ فیلیپی ٤: ١٣) . ئیدی بەم شێوەیە ، بەو باوەڕەکەی کە بونیاد نراوە لەسەر ئەو ئەرکەی خودا دیاریکردوە بەبێ خۆدانەدەستەوە بەردەوام دەبێت و خاونابێتەوە و هیچ شتێکیش مەحاڵ نابێت لەلات !

٢. خۆشەویستی و چاککردنەوە .

کۆرنسۆس ١: ١٣: ٢ .

أ. زۆرێك لەباوەڕداران پێداگری دەکەن لەسەر هێزو دەسەڵاتی خودا لە چاککردنەوەدا .

ئەو باوەڕدارانە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەڵێنی خودا بە کاری پەرجوو ، هەروەها بە باوەڕ .

ب. هەندێ باوەڕداری تر جەخت دەکەنەوە لەسەر خۆشەویستی خودا لە چاککردنەوەدا .

ئەو باوەڕدارانە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەڵێنی خودا کەتایبەتە بە دانایی و خۆشەویستیەکەی ، ئەوان زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر خۆشەویستی . بۆیە پێیان وایە دەبێت نەخۆش هەرچی شتێکی تێدا بێت دژ بە خۆشەویستی دەبێت فڕێی بداتە دەرەوە .

هیچ زیانێکی ئەم جۆرە بۆچوونانە چونکە نەخۆش وهەموان خوشکوبران و پێکەوە نوێژ دەکەن وهەموان ملکەچی خواستی خودان " با بە خواستی تۆ بێت نەك خواستی من " !

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .